# قوربانی

## کردن
## لە شەریعەتی ئیسلامدا



نووسینی
مەلا محمود گەڵاڵی

2020

# قوربانی

## کردن

## لە شەریعەتی ئیسلامدا

نووسینی

مەلا محمود گەڵاڵی

سۆران

أربيل _ كوردستان

١٤٤١هـ ٢٧٢٠ک ٢٠٢٠م

بسم الله الرحمن الرحيم

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على أشرف المرسلين، محمد وعلى آله، وصحبه، اجمعين:**

**بەرێزان:**

**ئەم نامیلکەی بەردەستتان پوختەیەکی ئەحکامەکانی قوربانی یە بە شێوەیەکی کورت،لە پرۆگرامی کار بەتەواوەتی پشت بە مەتنی منهاجی ئیمامی نەوەوی بەستراوە بە شەرحی خەتیبی شەربینی ،بەلام بۆ ئەوەی بابەتەکە دەوڵەمەند بێت ،بەشێوەی فیقهی بەراورد( مقارن ) نوسراوەتەوە ،وە بەدواداچونی وردم بۆ فەرمودەکان کردووە لەسەرچاوەکان ،چونکە لە زۆربەی کتێبە فیقهیەکان زۆر گرنگی بە بەلگەکان نادەن ،ئەوەش مەنهجی کۆن وابووە ،نەك ئاگاداری بەلگە نەبووبن ،هەروەها بزانە مەنهەجی زانایانی فیقە لەگەل زانایانی حەدیس ،لە مامەلە لەگەل فەرمودە جیاوازن لە هەندێك بابەت ،بۆیە بەرای جیاواز هەراسان مەبە تا شارەزایی تەواوت دەست دەکەوێت.**

**هەروەها پوختەی هەرچوار مەزهەب لەگەل مەزهەبی زاهیری بە کورتی لە نامیلکەکە بەرچاوت دەکەوێت ،وە هەندێك جار رای بەهێز دیار دەکەم ،وەهەندێك جار ئەگەر لەمەتنی مینهاج شتێك هەبێت جێی تێبینی بێت ،لە کتێبی (الام) یان (المجموع) بەروارد دەکەم ،وە سود لە مەتنی ( عمده السالك-ئیبن النقیب ) وەرگیراوە .**

**وە بۆیە مەتنی مینهاجم نەقل نەکردووە ،بۆ ئەوەی نامیلکەکە درێژ نەبێتەوە و خەلکی بەگشتی سودی لێوەربگرن، بەلام قوتابیانی زانستی شەرعی ئەگەر مەتنەکە لە پێشە خۆیان دابنێن لەکاتی خوێندنەوەی ئەم نامیلکە زیاتر سودمەند دەبن.**

# قوربانی ( الاضحية )

**پێناسه‌ی قوربانی :** بریتی یه له‌سه‌ر برینی ئاژه‌لی دیاری کراو له‌رۆژانی جه‌ژنی قوربان به نیه‌تی خواپه‌رستی ،وه بۆیه ناوی نراوه (اضحية) چونکه له‌کاتی چێشته‌نگاو ئه نجام ده‌درێت ،که سه‌ره‌تای کاتی ئه نجامدانی ئاژه‌ل سه‌ربرینه .

**حوکمی قوربانی کردن:** قوربانی کردن خواپه‌رستی یه‌کی گه‌وره‌یه که قورئان‌و فه‌رمووده‌کانی پێغه‌مبه‌ر ﷺ و ئیجماعی زانایانی ئیسلامی له‌سه‌ره :

١-له قورئانی پیرۆز خوای میهره‌بان فه‌رموویه‌تی: ﴿وَالْبُدْنَ جَعَلْنَاهَا لَكُمْ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ﴾ الحج: ٣٦ سه‌ربرینی ئاژه‌له‌کان بۆ قوربانی یه‌کێکه له شیعارو دروشمه‌کانی ئایینی ئیسلام ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ﴾ الكوثر: ٢ به‌لای زۆر له زانایان ته‌فسیره‌که‌ی (نوێژی جه‌ژنی قوربان بۆ خوای خۆت بکه و قوربانی سه‌ر ببره ) .

٢- فه‌رمووده‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ (ضَحَّى بِكَبْشَيْنِ أَمْلَحَيْنِ أَقْرَنَيْنِ ذَبَحَهُمَا بِيَدِهِ وَسَمَّى وَكَبَّرَ وَوَضَعَ رِجْلَهُ عَلَى صِفَاحِهِمَا ). (البخاري : ٥١٣٩-٥٥٦٥ ) (مسلم :١٩٦٦- ٣٦٣٥ ) قوربانی کرد به‌دوو به‌رانی سپیپاتی شاخدار به ده‌ستی خۆی سه‌ری برین و گوتی (بسم الله و الله اكبر) وه‌پێی خۆی داناسه‌ر ته‌نیشتی راسته‌ی به‌رانه‌کان . وشه‌ی (أَمْلَحٌ ) واته موی ره‌ش و سپی تێکه‌ل بێت . ( مختار الصحاح ج١:ص٢٦٣ ) .

**حوکمی قوربانی:** زانایان ره‌حمه‌تی خوایان لێبێت راو بۆ چونی جیاوازیان هه‌یه له باره‌ی حوکمی قوربانی .

١- سوننەتێکی موئەککەدە ئەمەش رای جمهوری زانایانەو بەڵگەیان ئەم فەرموودەیەیە (صحيح مسلم :٣٦٥٣ ) عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ **إِذَا دَخَلَتْ الْعَشْرُ وَأَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يُضَحِّيَ فَلَا يَمَسَّ مِنْ شَعَرِهِ وَبَشَرِهِ شَيْئًا** .

لەم فەرمودە پێغەمبەرﷺ کردنی قوربانی بە ویستو ئارەزووی موسلمان بەند (معلق )کردووە ، ئەگەر واجب بوایە دەیفەرموو بیکەن نەك ئەگەر ویستتان .

**تێبینی**: بەلای هەندێك لەزانایان قوربانی لەسەر پێغەمبەرمان ﷺواجب بووە ،وەك لەم فەرمودە هاتوە: ( **امرت بالنحر ،وهو سنة لكم** ) رواه الترمذي. واتە :فەرمانم پێکراوە قوربانی بکەم ،وەبۆ ئێوە سوننەتە. بەلام لە راستیدائەم فەرمودانەی باسی واجب بونی قوربانی دەکەن لەسەر پێغەمبەرمانﷺ هەموویان لاوازو بێهێزن . تەماشای ( نصب الراية ج٢/ص١١٥ ) و ( تلخيص الحبير ج٢/ص١٨ ، ج٣/ص ١١٨ )بکە .

جا سوننەتە هەموو موسلمانێکی بالغی عاقل باری دارایی باش بێت ئەم سوننەتە جێ بەجێ بکات ،بەمەرجێك نرخی قوربانی یەکە زیاد بێت لە پێداویستی خۆی و ئەو کەسانەی نەفەقەیان لەسەر ئەوە لەرۆژانی جەژنی قوربان.

هەروەها بەیهەقی دەلێ: هەردوو ئیمامی ئەبوبکر و عومەر قوربانیان نەدەکرد نەوەك خەلك بە فەرزی بزانن ( سنن البيقى ٩-٢٦٤ ).

بەلام نە کردنی قوربانی مەکروهە بۆ ئەوەی تواناى هەبێت، چونکە سوننەتێکی موئەککەدەو بۆ دەرچوون لە خیلافی ئەوانەی واجبیان کردووە .

**٢-قوربانی کردن لەسەر هەموو موسلمانێکی حاڵ خۆش واجبە،**

**وە بەهێزترین بەڵگەی ئەوانەی دەڵێن قوربانی واجبە حەنەفیەکانن هەروەهائەوزاعی ورەبیعە و لیث ، ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ " مَنْ كَانَ لَهُ سَعَةٌ وَلَمْ يُضَحِّ فَلَا يَقْرَبَنَّ مُصَلَّانَا "واتە: هەرکەسێك ماڵ وتوانای قوربانی هەبێت و نەیکات بانەیەتە نوێژی جەژن ( أحمد : ٧٩٢٤ ، ٣١١٤ ) ( سنن البيهقي الكبرى ج٩/ص٢٦٠ ) ( السنن الصغرى للبيهقي ج٤/ص٤٦٦ ) ( سنن الدارقطني ج٤/ص٢٧٧ ) .**

**واجب لەگەڵ فەرز لەلای حەنەفیەکان یەك نیە کەواتە ئەوان خۆیان دەیسەلمێنن بەلگەکەیان ( ظنية ) نەك ( قطعي ).**

**ابن حجر: لە ( فتح الباري ج١٠/ص٣ ) دەڵێ زانایان رای جیاوازیان هەیە لەسەر ئەم فەرموودە کە ( مەرفوعە یان مەوقوفە ) وەرای راستیش لەلای بەیهەقی وترمذی مەوقوفە تەماشای( سنن البيهقي الكبرى ج٩/ص٢٦٠ ) بکە، وە هەروەها لەزانایانی حةديث عبدالحق وابن القطان و خطابی بە فەرموودەیەکی بێ هێزیان داناوە تەماشای ( المجموع ج٨/ص٢٧٨ ) (نصب الرايه ج٤/ص٢١٠ ) بکە. کەواتە رای بەهێز قوربانی کردن سوننەتێکی موئەککەدە واجب نییە.**

هەروەك لەم فەرمووده هاتووه عن ابن عمر رضي الله عنهما قال: (أقام رسول الله بالمدينة عشر سنين يضحي ) رواه أحمد و الترمذي (١٥٤٣) وقال: هذا حديث حسن واتە پێغەمبەرﷺ دە ساڵ لە مەدینە ژیا هەردەساڵ قوربانی دەكرد (سنن الترمذي مع شرحه التحفة ٨٠/٥ ، الفتح الرباني ٦٥/١٣ ) .. وەسوننە تە بۆ ئەو كەسەی بیەوێ قوربانی بكات ( بەمەرجێ لە ئیحرام دانەبێت ) لە یەكەم ڕۆژی (ذی الحجة) تا لە جەژن قوربانی یەكەی سەردەبرێت مووی جەستەی دەستكاری نەكات(سەر و بەر و ریش و سمێڵ و بن هەنگل و نینۆكە كانی نەكات) هەروەك لەم فەرمووده هاتووه: عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ إِذَا دَخَلَتْ الْعَشْرُ وَأَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يُضَحِّيَ فَلَا يَمَسَّ مِنْ شَعَرِهِ وَبَشَرِهِ شَيْئًا . ( مسلم ٣٦٥٣ ) و(ابن ماجة٣١٤٩ )-وقوله :( إذا دخلت العشر، وأراد أحدكم أن يضحي فلا يأخذ من شعره ولا من ظفره شيئاً ) رواه مسلم صحيح مسلم مع شرح النووي ١١٩/٤

واتە : ئەگەر دەرۆژەی ذو الحجة دەستی پێكرد و كەسێك لەئێوە ویستی قوربانی بكات با دەست كاری مووەكانی و جەستەیو نینۆكەكانی نەكات .

هەندێ لەزانایان بە حەرامیان داناوە وەك ( سەعیدی كوری موسەییب و ربیعە و ئیمام ئەحمەد و ئیسحاق و هەندێ لەزانایانی شافعی و داودی زاهیری ،بەلام ئەگەر دەستكاری مووەكانی یان نینۆكی كرد قوربانیەكەی قەبوڵو دروستە، بەلام ئیمامی شافعی بە مەكروهی داناوە (كەراهەتی تەنزیە) ئەمەش رای پەسەندو بەهێزە تەماشای" ( شرح النووي على صحيح مسلم ج١٣/ص١٣٨ ) بكە بۆ زانیاری زیاتر.

## سه‌ربرینی قوربانی

سوننه‌ته موسلمان به‌خۆی قوربانیه كه‌ی خۆی سه‌رببڕێ ئه‌گه‌ر زانا بوو وه دروستیشه كه‌سێك بكات به وه‌كیلی خۆی وه‌ك پێغه‌مبه‌ر ﷺ سه‌د وشتری هێنا بۆ قوربانی شه‌ست و سێ ی به‌ده‌ستی خۆی سه‌ربری پاشان ماندوو بوو چه‌قۆكه‌ی دا به ئیمامی عه‌لی ئه‌وانی مابوون سه‌ری برین ته‌ماشای ( مسلم : ٢١٣٧ ) بكه. ،دروسته ئافره‌ت ئاژه‌ل سه‌ر ببڕێت هیچ كه‌راهه‌تی نییه .

وه ئه‌گه‌ر له‌به‌ر هه‌ر هۆیه‌ك خۆی سه‌ری نه‌بری سوننه‌ته ئاماده بێت له دیار قوربانیه‌كه‌ی هه‌ر وه‌ك له‌م فه‌رمووده هاتووه رَوَى الْحَاكِمُ – وَقَالَ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ – أَنَّهُ صلى الله عليه وسلم قَالَ لِفَاطِمَةَ رضي الله تعالى عنها : **قُومِي إلَى أُضْحِيَّتِك فَاشْهَدِيهَا ، فَإِنَّهُ بِأَوَّلِ قَطْرَةٍ مِنْ دَمِهَا يُغْفَرُ لَك مَا سَلَفَ مِنْ ذُنُوبِك** .واته ئه‌ی فاتیمه‌هه‌سته ئاماده‌به له‌سه‌ر قوربانیه‌كه‌ت چونكه له‌گه‌ل یه‌كه‌م دلۆپی خوێن خودا له هه‌مووگوناهه رابردووه‌كانت خۆش ده‌بێت . ئه‌م فه‌رمووده به چه‌ند سه‌نه‌دێكی جیاواز ریوایه‌ت كراوه هه‌ندێ له‌زانایان به لاوازیان داناوه. ته‌ماشای ( تلخيص الحبير ج٤/ص١٤٣ ) بكه.

## خێروپاداشتی قوربانی

له ئه‌نجامی گه‌رانم له كتێبه باوه‌ر پێكراوه‌كانی حه‌دیس وه‌ك:( صحيح البخاری ،وصحيح مسلم،وسنن ابوداود ،وسنن النسائی، وسنن ابن ماجه ،وسنن البيهقی ،وصحيح ابن حبان.... الخ ) به‌راستی بوخاری ومسلم هیچ فه‌رمووده‌یه‌كیان له‌باره‌ی خێرو پاداشتی قوربانی نه‌قل نه‌كردووه ئه‌وانی تر حه‌دیسێك یان دوویان نه‌قل كردووه به‌لام

هیچی به صیغەی جزم نەبوو بۆ نموونه.

عن عائشة أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال ( ما عمل آدمي من عمل يوم النحر أحب إلى الله من إهراق الدم إنه ليأتي يوم القيامة بقرونها وأشعارها وأظلافها وإن الدم ليقع من الله بمكان قبل أن يقع من الأرض فطيبوا بها نفسا ) . وسنن الترمذي١٥٢٦ .ئادەمیزاد لەرۆژی جەژنی قوربان هیچ كارێك ناكات خۆشەویستربێت لەلای خودا لەرشتنی خوێنی قوربانی،بەراستی ئاژەڵەكەی كراوەتە قوربان لەرۆژی قیامەت بەقۆچ و مووەكان و سمەكانی دێت ،وەخوێنی قوربانی، پێش ئەوەی بكەوێتە سەرزەوی ،دەكەوێتە شوێنێك لەلای خودا ،جا دڵتانی پێ خۆش بكەن .

ئەم حەدیسەلەسنن بیهقی بەژمارە[ ١٨٧٩٤ ] وابن ماجەش بەژمارە( ٣١٢٦ )–هاتووە بەلام بەیهەقی فەرمودەكەی بە ضعیف داناوە وقسەی لەسەر كردووە ،وە حاكم لە المستدرك بە ژمارە﴿ ٧٥٢٣ ﴾ هێناوە وە بە صحيح الاسنادى داناوة ،هەروەها (ابن عەرەبی مالكی ) فەرموویەتی:لەبارەی پاداشت وخێری قوربانی هیچ حەدیسێكی صحيح یان حەسەن نیە عارضة الأحوذي شرح سنن الترمذى ٦/٢٢٨ .

وە ئەو حەدیسانەی حاكم النيسابورى بە صحيح الاسناد وەسفی كردووە لە( كیتابی المستدرك ) لەبارەی قوربانی ئیمام ذەهەبی هەمووی بە لاوازو ضعيف داناوە ،وە حاكم لای هەندێ لە زانایان بەوە تۆمەتبار كراوە كە زۆر متساهل بووە لە حوكم دان لەسەر فەرمودەكان بە سەحیح ،والله اعلم.وەهەروەها لەشەرحەكانی مینهاج ئەو حەدیسانە نەقل كراون و بە سەحیح وەسفكراون لەسەر بناغەی بڕیاری حاكم لە مستدرك.

## ئەو ئاژەلانەی بۆقوربانی دروستن

خودای گەورە فەرموویەتی: { وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنْسَكًا لِيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَى مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ } سورة الحج الآية ٣٤ . قال القرطبي أيضاً :[ والأنعام هنا هي الإبل والبقر والغنم ] ( تفسير القرطبي ٤٤/١١ . قال الشافعي :[ هم الأزواج الثمانية التي قال الله تعالى : { ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ مِنَ الضَّأْنِ اثْنَيْنِ وَمِنَ الْمَعْزِ اثْنَيْنِ } الأنعام الآية ١٤٣ . وقال تعالى : { وَمِنَ الْإِبِلِ اثْنَيْنِ وَمِنَ الْبَقَرِ اثْنَيْنِ } الأنعام الآية ١٤٤ .
يعني ذكراً وأنثى ، فاختص هذه الأزواج الثمانية من النعم بثلاثة أحكام:
أحدها: وجوب الزكاة فيها.
والثاني: اختصاص الأضاحي بها.
والثالث: إباحتها في الحرم والإحرام ] الحاوي ٧٥/١٥-٧٦ .كەواتە ئەو ئاژەلانەی بۆ قوربانی دروستن تەنها( وشتروگاو مانگاو مەر و بزن )ە هەر چەند ئیمامی نەوەوی رەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی بە اجماعی زانایان، بەلام رای جیاوازیش هەیە وەك الحسن بن صالح و ابن حزم تەماشای ( المغني ٤٤٠/٩ ، المجموع ٣٩٤/٨ ، بداية المجتهد ٣٤٩/١ المحلى ٢٩/٦ ) بكە وە لەراستیشدا بۆ چونەكانیان زۆر لاوازە چونكە كردەوەی پێغەمبەرﷺ لەم جۆرە خیلافانە یەكلاكەرەوەیە .وە ئاژەلی كێوی دروست نی یە بۆ قوربانی وەك گاو ئاسك و بەران .. پەلەورو وەك قەل و كەلەشێر..هتد .

## تەمەنی ئاژەلەكانی قوربانی

جمهوری زانایان لەسەرئەم رایەن كەلەتەمەنی وشتر و گاو بزن تەنها (ثني ) دروستە وە لە مەر(ثني ) و (جذعة) هەر وەك لەم فەرموودە هاتووە ، حديث جابر أن الرسول قال:( **لا تذبحوا إلا مسنةً إلا أن يَعسر عليكم فتذبحوا جذعةً من الضأن** ) صحيح مسلم مع شرح النووي ١٠١/٥ . وە ئەوەی گوتمان راوبۆچوونی ئیمام نەوەوی یە لە شەرحی

صحیح موسلم و منهاج الطالبين،کەواتە دەبێت وشتر پێنج سالی تەواو کردبێت پێینابێتە شەش سالی ،گا و بزن دووسالیان تەواو کردبێت پێیان نابێتە سێ سالی وە مەر سالێکی تەواو کردبێت پێی نابێتە دووسالی .

**تێبینی :**

١- لەبارەی تەمەنی ئاژەلەکان لە تەفسیری وشەکانی هەریەك لە (ثني و جذعة) زانایانی پێچەوانەی جمهور رای جیاوازیان هەیە ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ تەفسیری زانایانی فەرهەنگی زمانی عەرەبی ئەگەرنا کێشە لە راست و دروستی فەرموودەکە نییە وە جگە لە ئیمام موسلم نسائی وأبو داود وابن ماجه وأحمدیش ئەم فەرموودەیان نەقل کردووە، وئیمام بەغەوی و ابن حجر بە صحیحیان هەلسەنگاندووە بۆ زیاتر زانیاری تەماشای ( المغني ٣٤٩/٩ ) ( المجموع ٣٦٥/٨-٣٦٦ ) ( بدائع الصنائع ٧٠/٥ ) ( الإنصاف ج٤/ص٧٤-٧٥ ) ( فتح الباري ج١٠/ص١٦ ) ( لسان العرب ج٨:ص ٤٣-٤٤ ) ( مختار الصحاح ج١:ص٤١ ) .

٢-تەنها مەر لەسالێك کەمتر ئەگەر ددانەکانی کەوتووبن دروستە بەلای عەبادی وبەغەوی لە شافعیەکان (روضة الطالبين ٣-١٩٣)،لەم باسەش حەنەفیەکان لەگەل حەنبەلیەکان بە سەرەوەی شەش مانگیان داناوە وە فتوای بە هێز لەلای شافعی یەکان و مالیکی یەکان دەبێت سالێکی تەواو کردبێت والله اعلم .

٣-بە ئیجماعی زانایان ئاژەلی نێر و مێ دروستە، وە قوربانی بە ئاژەلی نێر باشترە لەرای بەهێز لە مەزهەبی شافعی .

٤- ئاژەلی نێرەمووك دروستە بەلای ئیمام نەوەوی چونکە لە راستیدا یان نێرە یان مێیە ئەگەر چی زۆربەی زانایانی تر باسیان نەکردووە .

٥-ئاژەلی نێری خەسێندراو بۆ قوربانی دروستە ابن قدامە فەرموویەتی :﴿ ئاژەلی خەسێندراو دروستە بکرێتە قوربانی چونکە پێغەمبەرﷺ دوو ئاژەلی خەسێندراوی کردە قوربانی وە ئەم زانایانەش بەم فەرموودە فتوایان داوە الحسن وعطاء والشعبي والنخعي ومالك والشافعي وأبو ثور وأصحاب الرأي ولا نعلم فيه مخالفاً ﴾ المغني ٤٤٢/٩ ، المجموع

٤٠٢/٨ ، حاشية ابن عابدين ٣٢٣/٦ ، وسلم **ضَحَّى بِكَبْشَيْنِ مَأْجُوَّيْنِ** . **أَيْ: خَصِيَّيْنِ** . رَوَاهُ الْإِمَامُ أَحْمَدُ وَأَبُو دَاوُد وَغَيْرُهُمَا . ( أحمد : ٢٢٧٤٠ ، ٢٣٨٩٥ ) ( ابن ماجه : ٣١١٣ ) ( سنن البيهقي الكبرى ج٩/ص٢٦٨ )هەر چەندە قسە لە سەر سەنەدی فەرموودەکە هەیە بەلام لەبەر زۆری سەنەدەکان یەکتر بە هێز دەکەن و دەکرێتە بەلگە .

٦-وشتر و گا و مانگا بۆحەوت کەس دروستە بکرێتە قوربانی، وە هەروەها دروستە بۆ حەوت کەس ئەگەر هەموشیان بەیەك نیەت بەشداری نەکەن بۆ نمونە هەندێ بەنیەتی قوربانی وهەندێ بەنیەتی فدیەی حەج و عومرە ،چونکە دوای سەربرین ،گۆشتەکە بەش دەکەن ،هەرکەس بەشی خۆی دەبات بۆ جێ بەجێ کردنی مەبەستی خۆی ،لێرەدا زانایان یەك دەنگن لِمَا رَوَاهُ مُسْلِمٌ ( ٢٣٢٣ ) عَنْ جَابِرٍ رضي الله عنه . قَالَ : **خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مُهِلِّينَ بِالْحَجِّ فَأَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ نَشْتَرِكَ فِي الْإِبِلِ وَالْبَقَرِ كُلُّ سَبْعَةٍ مِنَّا فِي بَدَنَةٍ** . بەلام ئەگەر هەندێکیان مەبەستیان قوربانی بێت و هەندێکیان تەنها گۆشت لە مەتنی مینهاج بە ئاسایی هاتووە ،بەلام زۆر لەگەل ئەسلی هاتنی فەرموودەکە یەکناگرێتەوە چونکە ئەم فەرموودانەی لەم بارەوە هاتوونە هەموی لە مەراسیمی حەج و عومرە دابوونە وەبەشداری هەندێك بە نیەتی گۆشت دەرچوونە لە عیبادەت کە ئەسلی مەسەلەی قوربانی خواپەرستی یە لەم بارەوە (سرخسی) شتێکی جوانی نووسیوە لەکتابی المبسوط( المبسوط للسرخسي ج٤/ص١٣٢ ) بۆ زیاتر زانیاری تەماشای بکە .

٧-مەر و بزن تەنها بۆ یەك کەس دەبێتە قوربانی کەواتە دروست نیە دوو کەس مەرێك یان بزنێك بە شەراکەت بکەنە قوربانی .

٨-دروستە ئەو کەسەی قوربانی بۆ خۆی دەکات خەلکی تریش بکاتە هاوبەشی خێرەکەی

مُسلِم (٣٦٣٧) **أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَخَذَ الْكَبْشَ فَأَضْجَعَهُ ثُمَّ ذَبَحَهُ ثُمَّ قَالَ: بِاسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ تَقَبَّلْ مِنْ مُحَمَّدٍ وَآلِ مُحَمَّدٍ وَمِنْ أُمَّةِ مُحَمَّدٍ ثُمَّ ضَحَّى بِهِ** پێغه‌مبه‌ر به‌رانێكی وه‌رگرت و له‌سه‌ر خاك درێژی كردوسه‌ری بری و گوتی باسم الله خودایه له محمدﷺ و كه‌س و كاری محمدﷺ و ئۆمه‌تی محمدﷺ قه‌بولی بكه‌یت و پاشان كردی یه قوربانی .

## قوربانی سوننه‌تی كیفایه‌یه

واته : ئه‌گه‌ر له خێزانێكدا كه‌سێكی موسلمانی بالغ و عاقل قوربانی كرد سوننه‌ته‌كه بۆ هه‌موان دێته جێ، نه‌ك خێزان چه‌ند كه‌سه ده‌بێت هه‌موو قوربانی بكه‌ن وه‌ك له ناو خه‌لك باوه، ئه‌مه‌ش رای جمهوری زانایانه، و رای مالك وشافعی وأحمد وإسحاق وئه‌وزاعی یه شرح النووي على صحيح مسلم ١٠٦/٥ ، المغني ٤٣٨/٩ ، المجموع ٣٨٤/٨.

كه‌واته: ئه‌وه‌ی زیاتر له خێزانێكی هه‌یه ،یان له ماله‌وه زۆرن ،قوربانیه‌ك به‌سه ،ئه‌گه‌ر هه‌موو به‌یه‌كه‌وه ده‌ژیان و یه‌ك نه‌فه‌قه بوون.

هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر چه‌ند كورێكی به‌ژن و مال له‌گه‌ل باوكیان بوون نان وچێشت و مه‌سره‌فیان تێكه‌لاو بوو ،قوربانی باوكیان بۆ هه‌مووانه ،به‌لام ئه‌گه‌ر سه‌ربه‌خۆ بوون له نان وچێشت و مه‌سره‌ف ده‌بێت هه‌ركه‌س قوربانی بۆ خۆیی وخانه‌واده‌ی خۆی بكات بۆ هێنانه جێی سوننه‌تی قوربانی ئه‌وه‌ی ده‌سه‌لاتی هه‌بوو .

**أَنَّ أَبَا أَيُّوبَ الْأَنْصَارِيَّ قَالَ كُنَّا نُضَحِّي بِالشَّاةِ الْوَاحِدَةِ يَذْبَحُهَا الرَّجُلُ عَنْهُ وَعَنْ أَهْلِ بَيْتِهِ ثُمَّ تَبَاهَى النَّاسُ بَعْدُ فَصَارَتْ مُبَاهَاةً** . ئیمه كاتی خۆی‌له‌سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌رﷺپیاو مه‌رێكی ده‌كرده قوربانی بۆخۆی و خیزانه‌كه‌ی پاشان خه‌لك كردیانه شانازی پێوه‌كردن جا ئاوای لێهات كه ده‌یبینن ( الموطأ :٩٢١ ) ( الترمذي : ١٤٢٥ ) ( ابن ماجه : ٣١٣٨ )

وهو صحيح كما قال النووي المجموع ٣٨٤/٨ . بەلام پاداشت و ئەجری قوربانییەکە بۆ ئەو کەسەیە کەقوربانییەکەی کردووە .

## کام جۆری ئاژەل باشترە بۆ قوربانی ؟

زانایان راو بۆچونی جیایان هەیە لەبەر ئەوەی فەرموودەی ئاشکراو راستەوخۆ نییە لەم بارەوە .

١- **رای یەکەم:** باشترین ئاژەلی قوربانی وشترە پاشان گا پاشان مەر پاشان بزن.

ئەمەش فەرمودەی شافعی یەکان و حەنبەلییەکان و زاهیرییکانە لەگەل هەندێ لەمالیکییەکان .المغني ٤٣٨/٩ ، المجموع ٣٩٦،٣٩٨/٨ ، الذخيرة ١٤٤/٤ ، الحاوي ٧٧/١٥ . ئەوانە پشتیان بە خێری زوو چونە مزگەوتیان بەستاوە لە رۆژی هەینی: ئەوەی زوو بچی وە ئەوەیە حوشترێکی کردبێتە خێر پاشان مانگا تا هێلکەیەك .

٢- **رای دووەم:** باشترین ئاژەلی قوربانی مەرە پاشان گا پاشان وشترە ، ئەمەش فەرمودەی بەهێزی مالکییەکانە. بدايه المجتهد ٣٤٨/١

٣- **رای سێیەم:** بەلای حنەفی یەکان کامەی گۆشتی زۆرو بەتامە ئەوەباشترە .

بەلام لە راستیدا بەلگەی مالیکییەکان لە هەردوو رای تر بەهێز ترە بەکورتی :زۆربەی قوربانییەکانی لەپێغەمبەرمان ﷺ بە حەدیثی صحیح هاتووە بەران بووە ، هەروەها زۆربەی تەفسیرەکان لە قوربانی حەزرەتی ئیسماعیل ﷺ: {وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ} سورة الصافات ١٠٧ بە بەرانێکی گەورەو قەلەو لێکداوەتەوە تفسير القرطبي ١٠٧/١٥

## قەلەو کردنی ئاژەلی قوربانی:

به ئیجماعی زانایان ئاژەلی قەلەو سوننەته بۆ قوربانی هەروەك له زۆربەی فەرموودەکانی قوربانی هاتووه، وەسوننەته ئاژەلی قوربانی رابگیرێ و قەلەوبکرێ ئەمەش رای جمهوری زانایانه ( تفسير ابن كثير ج٣/ص٢٢٠ ) ( شرح النووي على صحيح مسلم ج١٣/ص١١٨ ) .

بەلام وریابن ئەو گۆلکە(گوێرەکە ) دابەستیه قەلەوانه ،با کێشیان زۆر بێت ئەگەر دووسالیان تەواو نەکردبێت بۆ قوربانی نابن.

## باشترین رەنگی ئاژەلی قوربانی

ئیمام نەوەوی دەلێ :﴿ باشترین رەنگ ، سپی یه، پاشان زەردە، پاشان ئەوەی ساف سپی نەبێت، پاشان ئەوەی هەندێکی رەشەو هەندێکی سپی یه ، پاشان رەنگی رەش﴾ المجموع ٣٩٦/٨-٣٩٧ .

ئەوەش رای زۆربەی زانایانه چونکه له زۆربەی فەرموودەکان وشەی (املح) هاتووه بەمانای سپی یان ، سپییات وكَبْشٌ أَمْلَحٌ وَتَيْسٌ أَمْلَحٌ ، إِذا كَانَ شَعْرُهُ مُخْتَلِطَ البَيَاضِ بِالسَّوَادِ . ( مختار الصحاح ج١:ص٢٦٣ ) وجعل بعضهم الأملح الأبيض النقي البياض . ( لسان العرب ج٢:ص٦٠٢ ) . بەلام هیچ رەنگێك کەراهەتی نییه،لەوانەشه رەنگ تا رەنگ له چێژ و تام و بۆنو رێژەی کۆلسترۆل جیاوازی هەبێت که له بالنده زانست سەلماندوویەتی .

## عەیبەکانی ئاژەڵی قوربانی

بەهێزترین بەڵگە لەسەر ئەوەی ئاژەڵی عەیبدار بۆ قوربانی ناشێت ئەم فەرموودەیەیە کە براء بن عازب گێراویەتەوە لە پێغەمبەر ﷺ( أربعٌ لا تجوز في الأضاحي : العوراء البين عورها والمريضة البين مرضها والعرجاء البين عرجها والكسير التي لا تنقي قال : – أي الراوي عن البراء وهو عبيد بن فيروز – قلت : فإني أكره النقص في السن قال : – أي البراء – ما كرهتَ فدعه ، ولا تحرمه على أحد ) رواه أصحاب السنن وقال الترمذي : هذا حديث حسن صحيح ، والعمل على هذا عند أهل العلم .ئەم فەرموودە لە سەرچاوەکان بەم ژمارانە هاتووە رواه ( مالك : ٩١٢ ) ( أحمد : ١٧٧٧٧ ) ( الترمذي : ١٤١٧ ) ( النسائي : ٤٢٩٣ ) ( أبو داود : ٢٤٢٠ ) ( الدارمي : ١٨٦٧ ) ( ابن ماجه : ٣١٣٥ ) چوار ئاژەل ناشێن بۆ قوربانی ،ئەوەی چاوێکی کوێرە بەئاشکرا ،ئەوەی بە ئاشکرا نەخۆشە ،ئەوەی بەئاشکرا شەلەیە ،ئەوەی لە لاوازیان مێشکی ئێسقانی نەماوە زۆرلەروو لاوازە،

کەواتە مەرجی سەرەکی لە ئاژەڵی قوربانی ئەوەیە سەلامەت بێت لە هەر عەیبێك کەکاریگەری خراپی لە سەرگۆشتەکەی هەبێت ،ئەم عەیبانە ئیجماعی زانایانی لەسەرە و هیچ رای جیاوازم نەبینیووە والله اعلم .

### ئەو عەیبانەی کەزانایان باسیان کردووە بەرای جیا لێرە بە خاڵ باسیان دەکەین

١- ئاژەڵی ئاوس یان سکپر: زۆر بەی شافعیەکان دەلێن نابێت ،بەلام سمهودی و ابن رفعه لە شافعیەکان جائیزیان کردووە ، وە زانایانی مەزهەبەکانی تر یش جائیزیان کردووە

مجموع فتاوى شيخ الإسلام ٣٠٧/٢٦ ٦ ، الفروع ٥٤٤/٣ ، الإقناع ٢٨٠/٢ .

وە ئەگەر ئاژەڵەکە پێش سەربرین زا ئەوا بێچووەکەشی دەکرێتە قوربانی ،چونکە حوکمی دایکی هەیە و پاشکۆی ئەوە.

٢-ئاژەڵی گەرۆل (گروو) یان بالوکەو برینی زۆر بە لەشەوە بێت بەلای جمهوری زانایان بۆ قوربانی نابێت ،وە لە مەزهەبی شافعی ئەگەر گروانیەکە کەمیش بێت دروست نیە لە مینهاج هاتوو:(الصحيح المنصوص يضر يسير الجرب)، بەلام بەلای حەنەفییەکان ئەگەر قەڵەو بێت جائیزە الذخيرة ١٤٧/٤، المجموع ٤٠٠/٨، الحاوي ٨١/١٥ ، بدائع الصنائع ٢١٦/٤ ، ملتقى الأبحر ٢٢٤/٢ .

٣-ئاژەڵی شێت و کۆرە و یەك چاو وشەلە بۆ قوربانی نابێت .

٤-ئاژەڵی خێل یان شەوکوێر بۆ قوربانی دەبێت بەلای زۆربە زانایان . المجموع ٤٠٠/٨

٥-ئاژەڵی گوێ بچووك دروستە بۆ قوربانی بەلای جمهوری زانایان شافعی و مالك و حەنەفی حەنبەلی المجموع ٤٠١/٨ ،المغني ٤٤٢٠/٩.

٦-ئەو ئاژەڵەی بەیەك گوێ دروست بووە یان لە ئەسلدا گوێی نییە، بەلای شافعی و حەنەفی و مالك بۆ قوربانی نابێت لای حەنبەلیەکان دروستە ،بەلام بۆ چونەکەیان زۆر لاوازە. الحاوي للماوردى١٥ /٨٣ ، المجموع ٤٠١/٨.

٧-ئەو ئاژەڵی دەستکاری گوێی کراوە بەلام هیچی لێنەبراوە، وەك لەت کردن بەدوو بەش یان کون کردن ،ئەوا بەلای جمهوری زانایان دروستە شافعی و حەنبەلی ومالکی لەگەل

كەراهەت بەلام بەلای حەنەفییەكان دروستە بەبیٚ كەراهەت، المجموع ٤٠٢/٨ ، الحاوي ٨٢/١٥ ، المغني ٤٤٣/٩ ، بدائع الصنائع ٢١٦/٤ ،رای جمهور بەهێزترە چونكەحەدیسیان بەدەستەوەیە .

٨-ئەو ئاژەلەی هەردوو گوێی یان یەك گوێی بەتەوای براوە بە ئیجماعی زانایان بۆ قوربانی نابێت .

٩-ئەو ئاژەلەی هەندێك لە گوێیەكی یان هەردوو گوێی براوە زانایان رای جیاوازیان هەیە: بەلای شافعی یەكان كەمێكیش لە گوێی ئاژەلەكە برابێت بۆ قوربانی دروست نییە،بەلای حەنەفی و حەنبەلی یەكان ئەگەر لە نیوەی گوێی زیاتر نەبێت دروستە ،بەلای مالیكی یەكان ئەگەر لە سیٚ یەكی گوێی تێنە پەرییێت ئەوا دروستە ، رای حەنەفی و حەنبەلییەكان زۆر بەهێزترە چونكە حەدیسیان بەدەستەوەیە ، المغني ٤٤١/٩ ، بدائع الصنائع ٢١٥/٤ الحاوي ٨٣/١٥ .

١٠-ئاژەلی بیٚ قۆچ (بیٚ شاخ) بە ئیجماعی زانایان دروستە ، ملتقى الأبحر ٢٢٤/٢ ، المغني ٤٤٢/٩ .

١١-ئاژەلی قۆچ شكاو بەلای شافعیەكان دروستە بۆ قوربانی لەگەل كەراهەت چونكە قۆچ گۆشت نییە الحاوي ٨٤/١٥ . ،وە بەلای حەنەفییەكان دروستە بەمەرجیٚ قۆچ شكانەكە نەگەیشتبێتە مێشكی ئاژەلەكە، بەلای مالیكی یەكان دوو را هەیە بەبوون ونەبوون ، بەلای حەنبەلییەكان دروست نییە المغني ٤٤١/٩ ، رای بە هێز رای شافعی و حەنەفی یەكانە چونكە فەرموودەی ( أن النبي ﷺ( نهى أن يضحى بعضباء الأذن والقرن ) واتە پێغەمبەرﷺ نەهی كردووە قوربانی بە ئاژەلی قۆچ شكاو وگویٚ براو بكریٚ، زۆربەی زانایان فەرموویان ئەم نەهی یە بۆ كەراهەتە نەك تحريم ،وە هەندیٚ لە زانایان ئەم حەدیسەیان بە منسوخ داناوە ، وەهەندێكی تر دەلێن وشەی قرن لە ئەسلدا لەم حەدیسە نییە . الاستذكار ابن عبدالبر١٣٢/١٥-١٣٤ .

١٢-ئاژەلی لووت براو( الجدعاء ) لەلای حەنەفییەكان بۆ قوربانی دروست نییە چونكە

ئه‌ندامێك له‌جه‌سته‌ی كه‌مه ،حاشية ابن عابدين ٣٢٤/٦ .
١٣-ئه‌و ئاژه‌ڵه‌ی هه‌موو ددانه‌كانی كه‌وتبن (الهتماء) به‌لای شافعی و مالیكی بۆ قوربانی نابێت ، به‌لام به‌لای ئیمام ابو حه‌نیفه و حه‌نبه‌لییه‌كان ئه‌گه‌ر په‌كی له له‌وه‌ران نه‌كه‌تبیٚ و پێی لاواز نه‌بووبێت دروسته بۆ قوربانی المجموع ٤٠١/٨ حاشية ابن عابدين ٣٢٤/٦ .
١٤-ئه‌و ئاژه‌ڵه‌ی هه‌ندیٚ له ددانه‌كانی كه‌وتوونه (الثرماء) و توانای له‌وه‌ری ماوه‌و لاواز نه‌بووه بۆ قوربانی ده‌ست ده‌دات به رای حه‌نه‌فییه‌كان و مالیكی یه‌كان وه فه‌رمووده‌ی هه‌ره راست له لای شافعی و حه‌نبه‌لییه‌كان . المجموع ٤٠١/٨ ، الفروع ٣/ ٥٢٤ .
تیبینی : مه‌ری ئوسترالی دونگی نیه ،كلكێكی بچوكی هه‌یه بۆ قوربانی دروسته چونكه ئه‌مه عه‌یب نییه ،به‌لكو وا دروست بووه ،ئه‌مه‌ش رای شافعیه‌كان وزۆربه‌ی زانایانی تره.

## كاتی سه‌ربرینی قوربانی

١-سه‌ره‌تای كاتی سه‌ربرینی ئاژه‌ڵی قوربانی له دوای ئه نجامدانی نوێژی جه‌ژنه ده‌ست پێده‌كات هه‌روه‌ك قورئانی پیرۆزباسی كردووه [ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ ] ( الكوثر : ٢ ) (نوێژی جه‌ژنی قوربان بۆ خوای خۆت بكه و قوربانی سه‌ر ببره) نوێژ له پێش قوربانی كردنه.

**تێبینی**: له‌ته‌فسیری ئه‌م ئایه‌ته زانایان، پێنج رایان هه‌یه، ئه‌مه‌یه‌كێكه له راوبۆچوونه‌كان.

٢- قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " إِنَّ أَوَّلَ مَا نَبْدَأُ بِهِ فِي يَوْمِنَا هَذَا أَنْ نُصَلِّيَ ثُمَّ نَرْجِعَ فَنَنْحَرَ مَنْ فَعَلَهُ فَقَدْ أَصَابَ سُنَّتَنَا وَمَنْ ذَبَحَ قَبْلُ فَإِنَّمَا هُوَ لَحْمٌ قَدَّمَهُ لِأَهْلِهِ لَيْسَ مِنْ

النُّسُكِ فِي شَيْءٍ " ( البخاري : ٥١١٩ ) ( مسلم : ٣٦٢٧ ) .

به‌راستی یه‌كه‌م شت كه‌ ئه‌مرۆ ده‌ستی پێبكه‌ین ئه‌نجامدانی نوێژی جه‌ژنه‌ ، پاشان بگه‌رێینه‌وه‌ مال قوربانیه‌كان سه‌ربرین،ئه‌وكه‌سه‌ی ئاوابكات ئه‌وه‌ بێگومان موافقی سوننه‌تی ئێمه‌بووه‌ ،وه‌هه‌ركه‌سێك پێش ئه‌م كاته‌ ئاژه‌لی سه‌ربرییێت ئه‌وه‌ گۆشتێكه‌ پێشكه‌شی خانه‌واده‌كه‌ی كردووه‌ ،هیچ په‌یوه‌ندی به‌ قوربانییه‌وه‌ نییه‌ وه‌بۆچونی مه‌زاهیبی ئیسلامی له‌مباره‌وه‌ به‌م چه‌شنه‌یه‌ :

١-به‌لای شافعی دوای هاتنی كاتی نوێژی جه‌ژن وتێپه‌ربوونی كات به‌قه‌ده‌ر دوو ره‌كه‌عه‌ت نوێژ ودووخوتبه‌ی كورت ،كاتی سه‌ربرینی قوربانی ده‌ست پێده‌كات جا ئیمام قوربانی كردبێت یان نا،له‌شار بن یاگوند،شوێنه‌كه‌ نویژی جه‌ژنی لێبكرێت یان نا.

٢-به‌لای ئه‌بو حه‌نیفه‌،له‌شاره‌كان وئه‌و شوێنانه‌ی نوێژی جومعه‌و جه‌ژنیان لێده‌كرێت،ده‌بێت سه‌ربرینی قوربانی له‌دوای نوێژ وخوتبه‌ی جه‌ژن بێت ئه‌گه‌رنا دروست نیه‌ وبه‌قوربانی دانانرێت ،به‌لام بۆ خه‌لكی كۆچه‌رو ره‌وه‌ندو له‌وشوێنانه‌ی نوێژی جومعه‌و جه‌ژنی لێ ناكرێت ،بۆیان هه‌یه‌له‌دوای بانگی به‌یانیه‌وه‌ قوربانی سه‌ربرن .

٣-به‌لای ئیمام مالك دروست نییه‌ سه‌ربرینی قوربانی ،تا دوای نویژو خوتبه‌ی جه‌ژن ته‌واو ده‌بن وئیمام قوربانی ده‌كات .

٤-به‌لای ئیمام ئه‌حمه‌د كه‌نویژو خوتبه‌ كرا بۆ هه‌موو كه‌سێك دروسته‌ قوربانی بكات .

كه‌واته‌ به‌ اجماعی زانایان پێش نویژی به‌یانی دروست نییه‌ ،وه‌دوای نوێژ وخوتبه‌ی جه‌ژن له‌ هه‌رشوێنێك به‌گوێره‌ی كاتی ناوچه‌كه‌ كاتی سه‌ربرینی قوربانی ده‌ست پێده‌كات ئه‌مه‌ش رای به‌هێزه‌.

## کاتی کۆتایی هاتنی قوربانی کردن

١- له‌مه‌زهه‌بی شافعی تا پێش مه‌غریبی رۆژی چواره‌می جه‌ژنه لِقَوْلِهِ صلى الله عليه وسلم: { عَرَفَةُ كُلُّهَا مَوْقِفٌ وَأَيَّامُ التَّشْرِيقِ كُلُّهَا مَنْحَرٌ } رَوَاهُ الْبَيْهَقِيُّ وَصَحَّحَهُ ابْنُ حِبَّانَ ، وَفِي رِوَايَةٍ لِابْنِ حِبَّانَ { فِي كُلِّ أَيَّامِ التَّشْرِيقِ ذَبْحٌ } عه‌ره‌فه هه‌مووی شوێنی راوه‌ستانه له‌کاتی حه‌ج وه‌رۆژانی گه‌ش و رۆناك واته(١١،١٢،١٣)ذوالحجه کاتی سه‌ربرینی قوربانی یه‌٠له‌راستیدا ئه‌م فه‌رمووده هه‌رچه‌نده ابن حبان به راستی داناوه به‌لام زانایان رای جیاوازیان له‌سه‌ر سه‌نه‌دی هه‌یه و هه‌ندێکیان به‌لاوازیان داناوه، بۆ زانیاری زیاتر ته‌ماشای( المجموع ج٨/ص٢٨٣ – ٢٨٤ ) ( تفسير ابن كثير ج١/ص٢٤٣ ) ٠

ئیمام نه‌وه‌وی فه‌رموویه‌تی : "رۆژانی سه‌ربرینی قوربان یه‌که‌م رۆژی جه‌ژنه‌و سێ رۆژه‌که‌ی دوای ئه‌وه مه‌زهه‌بی ئێمه‌یه (مه‌زهه‌بی شافعی) وه‌رای علي بن أبي طالب وجبير بن مطعم وابن عباس وعطاء والحسن البصري وعمر بن عبد العزيز وسليمان بن موسى الأسدي فقيه أهل الشام ومكحول وداود الظاهري ية .

٢-هه‌ر سێ مه‌زهه‌به‌کانی تر ( حه‌نه‌فی ومالك وئه‌حمه‌د ) فه‌رموویانه :ته‌نها دوو رۆژ له دوای رۆژی یه‌که‌می جه‌ژنی قوربان،قوربانی ده‌کرێت ، ئه‌مه‌ش له عمر بن الخطاب وعلي وابن عمر وأنس رضي الله عنهم ده‌گێرنه‌وه . ( المجموع ج٨/ص٢٨٣ ).

## هەندی مەسەلەی جۆراو جۆر لەبارەی قوربانیەوە

١-سەربرینی قوربانی بەشەو:رای بەهێز دروستەو هیچ کەراهەتی نیە وەئەو فەرموودانەی لەم بارەوە هاتوونە هەموویان قسەیان لەسەر کراوەو لاوازن بۆیە ئیمامی شافعی رەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی:" وَإِنَّمَا أَكْرَهُ ذَبْحَ اللَّيْلِ لِئَلَّا يُخْطِئَ رَجُلٌ فِي الذَّبْحِ ، أَوْ لَا يُوجَدُ مَسَاكِينُ حَاضِرُونَ فَأَمَّا إذَا أَصَابَ الذَّبْحَ وَوَجَدَ مَسَاكِينَ حَاضِرِينَ فَسَوَاءٌ". (الأم ٢/ ٢٣٩ ) بۆیە سەربرینی شەوم لەلا باش نەبووە نەوەك پیاو لەسەربرین هەلە بکات،یان لەو کاتە هەژاران ئامادەنەبن،ئەگەرنا شەوو رۆژ وەك یەکن.

٢-نیەت هێنان :بێگومان قوربانی عیبادەتە بەبێ نیەت دروست نییە،وەکردەوەی پێغەمبەریشمان رێنماییمان بۆئەوەدەکات کە لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد .

لەصحیح مُسلِم ( ٣٦٣٧ ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَخَذَ الْكَبْشَ فَأَضْجَعَهُ ثُمَّ ذَبَحَهُ ثُمَّ قَالَ : بِاسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ تَقَبَّلْ مِنْ مُحَمَّدٍ وَآلِ مُحَمَّدٍ وَمِنْ أُمَّةِ مُحَمَّدٍ ثُمَّ ضَحَّى بِهِ پێغەمبەر بەرانێکی وەرگرت و لەسەر خاك درێژی کردوسەری بری و گوتی باسم الله خودایە لە محمدﷺ و کەس و کاری محمدﷺ و ئۆمەتی محمدﷺ قەبولی بکەیت و پاشان کردی یە قوربانی .

وەکاتی نیەتەکە لەکاتی سەربرینە،وە ئەگەر خۆی سەری نەبری لەو کاتە نیەت بێنی کە دەیداتە وەکیلەکەی ،وەسونەتە بسم الله الله اکبر وسەلەوات دان لەسەر پێغەمبەر و دوعای قەبول بوون بکات ، وەك: ( بسم الله والله اکبر اللهم صل وسلم علی سیدنا محمد

**اللهم هذا عني وعن اهل بيتي فتقبل مني** ) .سەلەواتدان لەسەر پێغەمبەر لە کاتی سەر برینی قوربانی ئیمامی شافعی لە پەرتوکی الام باسی کردووە ،وە زانایانی شافعی مەزهەب لە کتابەکانیان باسیان کردووە ،هەروەها ئیبن القیم لە کتابی (جلاء الافهام )لە شوێنی ژمارە ( ٣٦ ) باسی کردووە.

٣-گواستنەوەی گۆشتی قوربانی لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر: قسەی جۆراو جۆر لەمبارە کراوە بەداخەوە هەندێك زۆر بە وشکی فتوایان داوە کە بە هیچ چەشنێك نابێت بگواسترێتەوە هەر وەك مەسەلەی گواستنەوەی زەکات ،ئەمەش پێویستی بە بەلگەی شەرعیە ،زۆر جاران موسلمانان لە ولاتێك لەو پەری دەولەمەندی وخۆشینە لەلایەکی تر لە ولاتێکی ترلەوانەیە خەلك برسی و ئاوارەیە، ئیمام نەوەوی فەرموویەتی: " وفي نقل الأضحية وجهان " ( المجموع ج٨/ص٣١٦ ) ووجه الجواز أوجه. لەبارەی دروستی و نادروستی گواستنەوەی گۆشتی قوربانی دوو بۆچوون هەیە ،بەلام رای دروستی گواستنەوە جوانترو بەهێزترە.

٤-خواردن لە گۆشتی قوربانی

سەرەتا پێویستە بزانین قوربانی دوو جۆرە ،یەکەم :قوربانی سوننەت ،دووەم قوربانی (نەزر )لەسەر خۆ واجب کراو.

أ-خواردن لەگۆشتی قوربانی سوننەت ،سوننەتەبەلای جمهوری زانایان وە بەلایزاهیریەکان وهەندێ لەشافعیەکان واجبە .

ب-بەلگەی زاهیریەکان ئەم ئایەت وفەرموودەیەیە:

١-- ئایەتی: { فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ } سورة الحج الآية ٢٨ .لەگۆشتی قوربانی بخۆن ودەرخواردی هەژاری نەداربدەن .

٢-عن عائشة رضي الله عنها أن النبي ﷺ قال :( ... **فكلوا وادخروا وتصدقوا** ) متفق عليه .گۆشتی قوربانی بخۆن وهەلگرن وپاشەکەوت بکەن و بیکەنەخێر (المحلی٦/٤٨)

ئیبن حەزم دەڵێ :لەبەر ئەو فەرمانەی هاتووەئەگەر پاروەکیش بێت دەبێت خاوەن قوربانی لە قوربانیەکەی بخوات.

ج-جمهوری زانایان بەهەر چوارمەزهەبەوە ،ئەو ئەمرەی لەقورئان وفەرموودە هاتووە لەمبارەوە فەرموویانە بۆ( ندب ) سوننەتە نەك بۆ ( وجوب ) وەرای جمهور بەهێزترە.

## ئەندازەی خواردن لەگۆشتی قوربانی

أ-بەلای حەنەفیەکان وحەنبەلیەکان وشافعیەکان دەیکاتە سێبەش ،بەشێکیان بۆخۆی ومال ومندالی ،بەشێکیان دەداتە هەژاران ،بەشێکیان دەکاتە دیاری ،وەمەرج نیە بەشەکان یەکسان بن، المغني ٩/٤٤٨-٤٤٩ .بەبەلگەی فەرموودەی: ( كلوا وتصدقوا وأطعموا ) فتح الباري ١٢/١٢٣ .

ب-بەلام ئیمام مالك سنوری دانەناوە فەرموویەتی :لەقوربانیەکە بخوات وبیداتەهەژاران .

ج-دەیکاتە دووبەش ،بەشیك بۆخۆیی وخانەوادەکەی ،بەشی تر بۆ هەژاران بەگوێرەی ئەم ئایەتە: { فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْقَانِعَ وَالْمُعْتَرَّ} سورة الحج الآية ٣٦ . لەگۆشتی قوربانی بخۆن وبەشی هەژاران وسوالکەرانیشی لێبدەن.

رای یەکەم بەهێزترە چونکە ئیبن عباس بەم چەشنە باسی قوربانی پێغەمبەری کردووە ،وەزۆربەی ریوایەتەکانی لە ئەصحابەکان هاتووە بەم چەشنەبووە، وە ئەم ئایەتەی رای سێیەم باسی دەکەن لەبابەتی حەجە نەك قوربانی .

کەواتە : گۆشتی قوربانی سوننەت ،سوننەتە خاوەنەکەی لێیبخوات وبەشێکی بکاتە خێر بیداتە هەژاران ،وبەشێکی بکاتەدیاری بۆ دۆست وبرادەران ،با دەولەمەندیش بن،یان

جیرانی نەبن، وه واچاکه زۆربەی بکاته خێرو بیداته هەژاران خۆی پارویەك یان چەند پاروەك به تەبەروك بخوات .

د-نابێت کرێی قەساب له گۆشتی قوربانی بێت ،یان پێستەکەی بکاته کرێی قەسساب ئەمەش فتوای جمهوری زانایانه وه هەرچوار مەزهەب،بەلکو پاره دەداته قەسسابەکه ،وه دروسته بەشەگۆشتێکی بداتیٚ وەك خێری قوربانی ، وه پێستەکەش دروسته خۆی سوودی لێوەربگرێت ،یان بیداته هەژاران بەخێر عن علي (رض) قال :( **أمرني رسول الله ﷺ أن أقوم على بدنه ، وأن أتصدق بلحمها وجلودها وأجلتها ، وأن لا أعطي الجزَّار منها . وقال : نحن نعطيه من عندنا** ) رواه البخاري ومسلم.

ئیمامی علی دەفەرموێت: پێغەمبەرﷺ ئەمری پێکردم سەرپەرشتی قوربانیەك بکەم که وشتر بوو،وەهەمووی بکەمه خێر بەگۆشت و پێست وسەرو پێیەکەی ،وه هیچی لێنەدەمه قەسسابەکه ،وه گوتی ئێمه لەلای خۆمان هەقی پێدەدەین . صحيح البخاري مع الفتح ٣٠٣/٤ ، صحيح مسلم مع شرح النووي ٤٣٥/٣

٢-قوربانی نەزر (لەسەر خۆ واجب کراو) زۆر جار مرۆڤ قوربانی له سەر خۆی واجب دەکات وەك بلێت خوایه ئەگەر نەخۆشەکەم چاك بێتەوه قوربانیەك دەکەم ،یان منداڵێکم بدەیتیٚ، یان کورەکەم ناجح بێت ... هتد.

لەم حالەتانه واجب دەبێت لەسەری قوربانی بکات ،هەرکاتێك مەبەستەکەی هاته جیٚ وه خودای پەروەردگار مەدحی موسلمانان دەکات بەوه که بەوەفان له ئه نجامدانی نەزرەکانیان وەك : (يُوفُونَ بِالنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا) الانسان -٧ .

**گۆشتی قوربانی نەزر:زانایان لەبارەی خواردن له گۆشتی قوربانی نەزر دووراییان هەیه :**

**١-بەلای حەنەفیەکان وشافعیەکان دروست نیه خاوەن قوربانی نەخۆی نه ئەو کەسانەی نەفەقەیان لەسەریەتی لەگۆشتی قوربانیەکه بخۆن ، پێویسته گۆشتەکه هەموو بدرێت به هەژاران ئەوانەی موسته حەقی زەکاتن وەهەتا پێستەکەشی بکاته خێر وه ئیبن حەجەر له تحفه المحتاج بەرای سەحیح وباوەر پێکراوی مەزهەبی شافعی دادەنێت، مغني المحتاج ١٣٤/٦ ، المجموع ٤١٧/٨.**

٢-حەنبەلیەكان و مالیكیەكان له فتوای باوەر پێكراو لەلای ئەوان وە قەولێك لەمەزهەبی شافعی: دروسته خواردن له گۆشتی قوربانی نەزر كراو حاشية الدسوقي ١٢٢/٢ ، المغني ٤٥٧/٩ .

ابن قدامه هۆیەكه روون دەكاتەوە :دەفەرموێت: چونكه ئەو دەلێت قوربانیەكەم لەسەربێت،گرنگ ئەوەیه قوربانیەكه بكات،قوربانیش حوكمی دیاره به نەزر كردن ناگۆرێت،تەنها ئەوە نەبێت ئەگەر لەكاتی نەزر كردنەكه بلێت هەمووی دەكەمه خێر،ئەوكاته دەبێت هەمووی بكاته خێر و هیچی لێ نەخوات المغني ٤٥٧/٩ .

**تێبینی:**

١-نەزر كردن به گشتی مەكروهه كارێكی باش نیه بەتایبەتی لەخێر وخوا پەرستی چونكه مەرج دانانه بۆ خودا ئەگەر وام بۆبكەی وات بۆ دەكەم ئەمەش پێچەوانی ئادابی نێوان عەبد و خودایه وە فەرمووده لەمبارەوە زۆره .

٢-بۆ دەرچوون له خیلاف واچاكه قوربانی نەزر هەمووی بدرێته هەژاران.

٣- ئەو كەسەی نەزری كردوە دەبێت پرسیار له مامۆستایانی ئایینی بكات بۆ ئەوەی رێنمایی شەرعی دروستی بدەنێ ،چونكه هەندێك مەسەلەی وردی تێدایه ،به گوێرەی عورف و كەسەكەو لەفزەكانی حوكمه دەگۆرێت .المجموع (٨-٤٦٩) وە الابهاج شرح المنهاج( ١-٣٦٥ ) .

## گۆشتی قوربانی دروسته بدرێته جگه له موسلمانان ؟

ئیمام نەوەوی فەرموویەتی: دروسته لەگۆشتی قوربانی سوننەت ،بدرێته جولەكەو مەسیحی كەلەگەل موسلمانان دەژین (اهل الذمة )،وەهەروەها ابن قدامەی حەنبەلی ئەو رێگەی داوه به گوێرەی مەزهەبی حەنبەلی دروسته بدرێته كافری هەژاریش بەتایبەتی ئەگەر جیران بوون هەروەها ئەمەرای ابو حنیفەیه . المغني ٤٥٠/٩ . المجموع ٤٢٥/٨

## قوربانی کردن بۆ مردوو

لەم مەسەلە زانایان سێ بۆچونیان هەیە:

١-بەلای شافعی یەکان قوربانی بۆ مردوو دروست نیە ،تەنها ئەگەر وەسیەتی کردبوو،بەلام عەبادی لە گەورە زانایانی مەزهەبی شافعی قوربانی کردنی بۆ مردوو پەسەند کردووەئەگەر وەسیەتیشی نەکردبێت ،چونکە سەدەقە بە ئیجماع دروستە وە قوربانیش جۆرێکە لە جۆرەکانی سەدەقە .(كفاية الأخيار ٥٢٨/٢ ، مغني المحتاج ١٣٧/٦،المجموع ٨-٣٨٠ ) .

٢-بەلای حەنەفیەکان وحەنبەلیەکان دروستە زیندوو قوربانی بۆ مردوو بکات ( **من ضحى عن الميت يصنع كما يصنع في أضحية نفسه من التصدق والأكل والأجر للميت والملك للذابح** )حاشية ابن عابدين٦ /٣٢٦.،وە ابن تيميه ئەم رایەی هەلبژاردووە،وە ئەمە رای ابن عثيمن وابن بازە ،وە رای زۆر لەزانایانی کۆن و سەردەمە ،وەك:ابوداود،ابن القيم ،ابن عەرەبی مالیکی وابن عابدين و مباركفوری.

٣-بەلای مالیکیەکان قوربانی کردن بۆ مردوو مەکروهە ،بەلام بۆ زیندوو و مردوو بەیەکەوە دروستە .

لەراستیدا ئەگەر بە جوانی لێکۆلینەوە لە بەلگەکان بکەین ،رای ئەو زانایانەی رێگەیان داوە قوربانی بۆ مردوو بکرێت بە هێزترە ،لە رایەکانی تر والله اعلم وەك لەم فەرمودانە هاتووە:

١-عن عائشة رضي الله عنها :( **أن رسول الله ﷺ أمر بكبش أقرن ، يطأ في سواد ويبرك في سواد ، وينظر في سواد ، فأتي به ليضحي به ، فقال لها : يا عائشة هلمي المدية ، ثم قال : اشحذيها بحجر . ففعلت ، ثم أخذها وأخذ الكبش ثم أضجعه ثم ذبحه ، ثم قال : باسم الله اللهم تقبل من محمد ، وآل محمد ومن أمة محمد ثم ضحى به** ) رواه مسلم(١٩٦٧).عائیشە دەفەرموێ:پێغەمبەر داوای کرد بەرانێکی رەش وسپی یان بۆر تێکەل بەرەش بێنن بۆ ئەوەی بیکاتە قوربانی،پاشان فەرمووی: ئەی عائشە ئەم چەقۆیە بگرە بە بەردێك تیژی بکە،منیش وام کرد،پاشان چەقۆکەی وەرگرت و

بەرانەکەی هێنا درێژی کردوو سەری بری پاشان گوتی بەناوی الله خودایە قەبولی بکەیت لە محمدﷺ وئالی محمدﷺ و ئوممەتی محمد ﷺو پاشان کردیە قوربانی .

لەم فەرموودە بەدیار دەکەوێت پێغەمبەر ﷺ قوربانی بۆ ئوممەتەکەی کردووە ئوممەتەکەی زیندوو و مردوو دەگرێتەوە،هیچ بەلگەش نییە کە مردووەکان وەسیەتیان کردبێت .

٢-عن حنش قال : رأيت علياً ( رض ) يضحي بكبشين فقلت له ما هذا ؟ فقال : إن رسول الله ﷺ أوصاني أن أضحي عنه ، فأنا أضحي عنه ) رواه ابو داود ( ٢٧٩٠ ).

حەنەش دەلێت ئیمامی ( عەلی )م بینی دوو بەرانی کردە قوربانی ،لێم پرسی گوتم ئەوە چی یە؟ لەوەلام فەرمووی پێغەمبەرﷺ وەسیەتی پێکردم لە دوای خۆی قوربانی بۆ بکەم،وا منیش قوربانی بۆ دەکەم.

زۆر لەزانایان ئەم فەرموودەیەیان کردۆتە بەلگە لەسەر دروستی قوربانی بۆ مردوو، جگە لە ابو داود ،ترمذی ،واحمد وحاکم ریوایەتیان کردووە ،

وە هەندێك لەزانیان پێیان وایە ئەم حەدیسە لاوازە ،بۆیە فتوایان بەنەکردنی قوربانی داوە بۆ مردوو .

بەلام پێویستە بزانین: ابو داود لە نامەکەی خۆی کە بۆ ئەهلی مەککەی روانکرد سەبارەت بە حەدیسەکانی ناو کتابەکەی دەلی :هەر حەدیسێك زۆر لاواز بێت یان دروست نەبێت رونمکردۆتەوە ،ئەوانی تر هەمووی گونجاو وشیاون بۆ کارپێکردن ،کەواتە هیچ کێشە لە فەرمودەکە نییە .

بە هەرحال بەلگەی بەهێز لەگەل ئەوانەیە کەدەلێن دروستە قوربانی بۆ مردوو بکرێت .

لەم نامیلکە دەرفەتی موناقەشەی بەلگەکا نمان نیە...

وأخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين .

محمود محمد مجيد – سەرپەرشتیاری پسپۆری زمانی عەرەبی – پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی کۆمەلگای گەلاڵە